HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network
هێلین

کاتی ئەوەیە پیاو بە تێڕوانین و ڕەفتاری خۆی دابچێتەوە



د. ڤیان سلێمان

> ناکرێت پیاو توندوتیژ بێت و لە ئافرەتدا بە دوای چارەسەریدا بگەڕێین، ئەوەی لەسەر ئافرەتە تەنیا ڕەتکردنەوە و قبووڵنەکردنی توندوتیژییە، هەر بۆیە لە چارەسەری ئەم پرسە و هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی، دەبێت ڕووی پەیام و گوتار و کردەوە لە پیاو بێت و ئەو هۆشیارییەی لای ئافرەت دروست بووە کە توندوتیژی قبووڵ نەکات

بەردەوام زیادبوونی ڕێژەی سکاڵای ئافرەت لە توندوتیژی پیاو، لە چەندین ڕووەوە مایەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، لە لایەکەوە مایەی دەستخۆشییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دامودەزگای تایبەتی بەو پرسە دامەزراندووە. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی یاسایەکی بەرکارە لە هەرێمی کوردستان، کە سەرەڕای چەندین تێبینی و هەوڵەکانی هەموارکردنەوەی، بەپێی پێوەرەکان یاسایەکی پێشکەوتوو و تاکانەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە، تەنانەت لە خودی دەوڵەتی عێراق، تا ئێستا نەتوانراوە یاسایەکی هاوشێوە دەربچووێنرێت. بە دڵنیاییەوە حکومەتی هەرێم بە هێزی ئەو دامودەزگایانە و بوونی ئەو یاسایە توانیویەتی متمانەیەک بۆ ئافرەت دروست بکات، کە لە کاتی توندوتیژی کردن بەرامبەری، حکومەت پشتیوانی لێ دەکات و لەسەری بە دەنگ دێت و سزای دەستدرێژیکار دەدات.

لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە پەیوەندی بە هۆشیاربوونەوەی ئافرەتەوە هەیە، بە دڵنیاییەوە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت دیاردەیەک نییە، پێشتر نەبووبێت و لەم ساڵانەی دوایی و لە سایەی دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی هەرێمی کوردستان تەشەنەی سەندبێت، وەک ئەوەی لەلایەن ئاراستەیەکەوە وەک بەرهەمی دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی کوردی بانگەشەی بۆ دەکرێت، لە کاتێکدا سەرجەمی ئەو دەستکەوتانەی بزووتنەوەی ئافرەتان بەدەستی هێناوە و هەر خودی لەدایکبوونی بزاڤی ئافرەتان و ڕێکخراوی ئافرەتان لە هەناوی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردەوە بووە و هەر ئەو بزاڤەش دەرفەتی بەشداری لە خەباتی نەتەوەیی بۆ ئافرەت ڕەخساندووە، بەڵام ئەوەی باس ناکرێت و تیشک ناخرێتە سەری هۆشیاربوونەوەی ئافرەت و بێدەنگنەبوونیەتی لە توندوتیژی پیاو، ئەو توندوتیژییەی کە بەرهەمی هزری کۆمەڵایەتی پیاوسالارییە و ئەو هزرە ناتوانێت ئافرەت وەک مرۆڤێکی هاوشان ببینێت، لە ئازادی ئافرەت دەترسێت و بەرەنگاری دەبێتەوە.

ئافرەتان لە سەرجەم قۆناخەکانی تەمەن و لە هەر ئاست و توێژێکی کۆمەڵایەتی بن بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرەوڕوون لەگەڵ جۆرێک یان زیاتر لە جۆرەکانی توندوتیژی. تەنانەت ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی جیهانیش بەربڵاوە و بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە هەر سێ ئافرەت یەکێکیان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە.

ئێستا کە ئافرەتان هۆشیارن و تاکڕەوی پیاو قبووڵ ناکەن، سکاڵا دەکەن و کێشەکان دەبەنە دەرەوەی خێزان، کاتی ئەوەیە ڕەگەزی بەرامبەر بە تێڕوانین و ڕەفتاری خۆی دابچێتەوە و لە پێکەوەژیان و یەکلاییکردنەوەی کێشەکان پەنا بۆ توندوتیژی نەبات، بە سینگی فراوانەوە دان بە هاوشانی ئافرەتدا بنێت و بە ستەم و توندوتیژی هەوڵی کپکردنی دەنگ و ڕای ئافرەت نەدات، زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی چیتر پیاو لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە دەسەڵاتی ڕەهای نییە لە خێزاندا، یاخود چیتر ئافرەت بێدەنگ و ملکەچی دەسەڵاتی پیاو نابێت، یان چیتر ئافرەت ئەو بوونەوەرە لاوازە نییە کە کولتوور و مێژووی هزری کۆمەڵایەتی دروستی کردوون، بەڵکوو تێکۆشان بۆ یەکسانی بەها و پێگە دەکات و بەرەنگاری تاکڕەوی و توندوتیژی پیاو بووەتەوە و قبووڵی ناکات.

دەبێت لە پیاودا بە دوای چارەسەری ئەم پرسەوە بین، هەوڵی گۆڕانکاری لە دیدی پیاو بۆ ئافرەت بدەین، ئەوە پیاوە ئافرەت بە موڵکی خۆی دادەنێت. ئەوە پیاوە بەشێک لە بەها و پێگەی خۆی لە ناو کۆمەڵگەدا بە شێوازی دەرکەوتن، کردە و ڕەفتارەکانی ئافرەتانی خێزان و دەوروبەرەکەی دەبەستێتەوە. ئەوە پیاوە کە شەرەفی خۆی بە جەستەی خۆی و بە بەها مۆڕالی و کردەوەکانی خۆی نابەستێتەوە ؛ بەڵکوو بە جەستەی ئافرەتێک دەبەستێتەوە کە پەیوەندییەکی خێزانی لە گەڵدا هەیە. ئەوە پیاوە کە خۆی بە بەرپرسیار لە ژیانی ئافرەت دەزانێت و ماف بە خۆی دەدات لە جیاتی ئافرەتەکە بڕیار لەسەر بژاردەکانی ژیانی بدات. هەموو ئەم دید و مایتێکردنانەن کە دەبنە هۆی توندو تیژی. بۆیە؛ ناکرێت پیاو توندوتیژ بێت و لە ئافرەتدا بە دوای چارەسەریدا بگەڕێین، ئەوەی لەسەر ئافرەتە تەنیا ڕەتکردنەوە و قبووڵنەکردنی توندوتیژییە، هەر بۆیە لە چارەسەری ئەم پرسە و هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی، دەبێت ڕووی پەیام و گوتار و کردەوە لە پیاو بێت و ئەو هۆشیارییەی لای ئافرەت دروست بووە کە توندوتیژی قبووڵ نەکات لای پیاویش دروست ببێت، کە پەنا بۆ توندوتیژی نەبات، ئەوەش ئەرکی هەموو لایەکمانە لە ڕێکخراوەکان و دامودەزگا پەیوەندارەکان.

ڕاستکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو لە پەیوەندییەکی ناهاوسەنگی نابەرامبەر بۆ پەیوەندییەک لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوپێگەیی، گۆڕینی ڕوانینی پیاو بۆ بینینێکی هاوبەش و یەکسان بۆ پێگە، ماف و ئەرک و بەرپرسیاریەتی؛ بەرقەراربوونی ئارامی و خۆشەویستییە بۆ خێزان و سەقامگیری و پێشکەوتنە بۆ کۆمەڵگە.

ئافرەت لەنێوان دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسیدا

کوردستان یاسین ڕەسوڵ

دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی بە یەکێک لەو دیاردە ناشیرین و پێشێلکاریانە دادەندرێن کە بەرامبەر بە ئافرەتان ئەنجام دەدرێن و بە یەکێک لە کاریگەرترین و مەترسیدارترین جۆری توندوتیژی دادەندرێن لە سەرتاسەری جیهاندا، کە تەنها پەلاماری جەستەیی لە خۆیان ناگرن، بەڵکو ئەو پەلامارە دەروونیانەش دەگرنە خۆیان کە مەترسی لەسەر ژیانیان دروست بکات.

بەپێی ئامارە جیهانیەکان ڕێژەی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی لە هەموو جیهان ڕوو لە زیادبونە، بەرامبەر بە ساڵانی ڕابردوو هەڵکشانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. لە کوردستانیش بەپێی ئامارو داتاکانی ئەم دواییانە بێت ئەنجامەکان دڵخۆشکەر نین سات بەدوای سات کەیسەکانی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی ڕوو لە زیادبونن.

لە زۆربەی کەیسەکانیش دەستدرێژییەکان بەرامبەر بە کچان و ژنانی خوار تەمەن ١٨ ساڵی و بەتایبەتی کچانی بێ سەرپەرشت و پێنەگەیشتوەکان ئەنجام دەدرێن، وە بە گوێرەی زۆرێک لە ئامارەکان ئەوە دەرخراوە کە زۆرجار ئافرەتانی بەناوبانگیش بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە.

سەبارەت بە ڕێگاکانی دەستدرێژیکردن، لە ئێستادا مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بەربڵاوترین ڕێگاکانی ئەنجامدانی ئەم کردەیە دادەندرێن.

سەبارەت بە هۆکارەکانیش هۆکار گەلێک هەن کە ئەم دیاردە نامرۆڤانەیە دەرهاویشتەین. هۆکاری سەرەکی خێزان و پەروەردەیەکی نادروست، وە نەبوونی هۆشداری، نەبوونی تاکێکی هۆشیار و بەئاگا کۆمەڵگادا، واتا نزمی ئاستی ڕۆشنبیری تاک لەو کۆمەڵگایانەیی کە دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی زۆر بە کردە دەکرێت.

هەروەها هەبوونی ئەو میدیا بێکەڵک و بێخاوەنانەی کە لە ئێستادا هەن، هیچ هۆشیاری بە تاک و بە کۆمەڵگا نادەن لەبارەی دەستدرێژی سێکسی و چۆنیەتی خۆپاراستنی کچان و ژنان لە دەستدرێژی و گیچەڵکردن. وە شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم جۆرە کردە و کەیسەکانە.

لەلایەکی دیکەوە، سزانەدانی ئەو تۆمەتبارانەی ئەم کردە قێزەونانە ئەنجام دەدەن بێگومان ئەمە هۆکارێکە بۆ بڵاوبونەوەی دیاردەکە، وە زۆربەی جارەکان دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان وایکردوە زۆرینەی ئەو کەیسانە بشاردرێنەوە یاخود لە ڕێگەی عەشایەری چارەسەر بکرێن و نەدرێنە یاسا.

وە ترس و شەرمی قوربانیان لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان و خێزانەکانیان هۆکارەکەشی ئەمەیە کە تاوەکو ئێستاش لە کۆمەڵگای کوردی شکۆ و شەرەفی خێزان و کۆمەڵگە چەسپێندراو لکێندراوە بەئافرەتانەوە.

بە نهێنی هێشتنەوەی بابەتەکە وە تۆمارنەکردنی سکاڵا لە تۆمەتبار بەهۆی هەڕەشەکردنی تۆمەتبار لە قوربانی، ئینجا چ هەڕەشەی کوشتن بێت یاخود بونی ڤیدیۆ و وێنەی قوربانیەکە لەلای تاوانبار وە قوربانی ناچار بکرێت بێدەنگ بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بکەری کارەکە بێ سزا دەربازی ببێت.

وە هەندێک جار خودی دادگا هۆکاری دووبارەبونەوە و بڵاوبونەوەی ئەم جۆرە کردە نامرۆڤانەیە، بەهۆی ڕێگەدان بە دەستێوەردانی کەسانی تر بەتایبەتی بەرپرسەکان لەو جۆرە کەیسانە، ئەمە هۆکار دەبێت کەوا تۆمەتبار بە کەمترین سزا دەربازی ببێت.

ئەوەی پێویستە لەکاتی ڕوودانی هەر جۆرە دەستدرێژی و گێچەڵکارییێکدا قوربانیان بەزووترین کات لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەنەوە وە سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن، بۆ ئەوەی تاوانبارەکان بە سزای خۆیان.

دەستدرێژی و گێچەڵکردن کاریگەری نەرێنی لەسەر قوربانیان بەجێ دەهێڵن چ لەڕووی جەستەی چ لە ڕووی دەروونی. زۆربەی کاتەکان قوربانیان ناتوانن دەروونی خۆیان کۆنتڕۆڵ بکەن، بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە دواجار حاڵەتەکانی خۆکوژیش زۆردەبن.

چەندان هۆکاری تری دەروونی هەستکردنی قوربانیان بە تاوان، و هەستکردنیان بە کەمی خود، زوو هەڵچوون، توشبوون بە گرفتەکانی خەوتن وە خەمۆکی.

ئەوەی گرنگە هەموومان ڕێگربین لە ڕوودانی ئەم جۆرە دیاردە ناشارستانیانە لە ڕێگەی هۆشیار کردنەوەی تاک و پەروەردەیەکی دروستی منداڵەکانمان.دەبێت هەروەکو چۆن بە کچەکەت دەڵێیت خۆت بپارێزە لەم کردەوانە، بەهەمان شێوە کوڕەکانیشمان هۆشیار بکەینەوە لەوەی کەوا ئەم کردەیە کردەیێکی نابەجێ و قێزەونە بەهەموو شێوەیێک خۆیان لێبەدوور بگرن.

لێرەدا پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وە سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری، ئاسان کاربن بۆ هێنانە پێشەوەی قوربانیان بۆ ناو کۆمەڵگە لەرووی چالاکی جۆراوجۆرەوە. هەروەها پێویستە هاوڕێ و هاوپیشەکانی قوربانیان و خودی خێزانەکانیش هاوکاری و پاڵپشتی قوربانیەکان بن بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانیان، دەستیان بگرن لە کەوتن بۆ هەستانەوە.

پێگە و ڕۆڵی ئافرەتانی میدیاکار لە دەزگا میدیایەکاندا

ڕۆژان قیاس

هۆشیار عزیز

دکتۆرە نەزاکەت حسێن

لە ئێستادا لە زۆربەی دامەزراوە میدیایەکان بەشێکی زۆری ئافرەتان بوونیان هەیە و توانای خۆیان دەرخستوە کە ئەوانیش ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە دامەزراوە میدیایەکان. نەک تەنها لە هەرێمی کوردستان لە ولاتانی جیهانیش ئافرەتی ڕۆژنامەنوسمان هەیە کە رووماڵی جەنگی کردوە

لەئێستادا راگەیاندنی کوردی تا ئاستێکی باش بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، ئافرەتانیش ڕۆڵێکی باشیان هەبووە لەبەرەوپێشچوونی میدیا و ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بەڵام وەک هەمیشە دەوترێت ئایا تەنها بوونی ئافرەت لەمیدیادا کیفایەتە وەک ژمارە یان تا چەند ئافرەتانیش توانیویانە بەشدارێکی کارابن لەئاراستەکردن و دانانی پلانی کاری دەزگا میدیایەکاندا.

دکتۆرە نەزاکەت حسێن، سکرتێری لیژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنوسان، ڕۆڵی ئافرەتی لەچەند رەهەندێکەوە لێکدایەوە و پێیوایە کە پێویستی بە لێکۆلینەوە و بەراوردکردن و وردبونەوە هەیە، لەڕووی ژمارەوە ئافرەتانی میدیاکار لەزۆربووندایە ڕۆژبەڕۆژ، بەڵام لەڕووی پێگەوە قۆرخکاری هەیە و هێشتا پێگەی پیاو بەرزترە، پلەو دەسەڵاتەکان بۆ پیاوەکانە و هەرچی پێگە ئاسایی و روکەشیەکانیشە بۆ ئافرەتانە.

لەلایەکی دیکەوە، هۆشیار عزیز بەڕێوبەری نوسینگەی سلێمانی کەناڵی کوردستان تیڤی: بۆچونی وایە کە ئافرەتان پێویستە لەڕووی مەعریفیەوە بەردەوام لەخۆنوێکردنەوەدابن تا پێویستیان بەوە نەبێت لەلایەن پیاوانەوە هاوکاری بکرێن، هەروەها دەڵێت: ئەوەی من دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم ڕۆڵی ئافرەتی کوردە لەبواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا کە بەپێ ی زانیاری سەرچاوە بەردەستەکان تا ساڵانی هەشتاکان بەدەگمەن ئافرەتێک دەبینین لەم بوارەدا کاری کردبێت، جا هۆکارەکە رەنگە خێزانی و کۆمەلایەتی بوبێت یان خودی ئافرەتان کەمتر حەزیان لەوەها پیشەو کارێک بوبێت یاخود پیاوانی ئەو بوارە کەمتر رێگەیان بە ئافرەت دابێت ئیشیان لەگەلدا بکەن، هۆکار هەرکامیان بێت لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانەوەو لەتەواوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دواتر و رادیۆکانیشدا تا دێتە سەر تەلەفزیۆنی کەرکوکی سەردەمی رژێمی بەعس ئافرەتان غیابێکی تەواویان هەیە. لەهەشتاکاندا یەک یەک و دوو دوو ئافرەتان دێنە ئەم بوارەوە، دوای راپەرین و ئازادی میدیاو ڕۆژنامەو گۆڤاری پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان وردە وردە بواری زیاتریان بۆ ئافرەتان کردەوە تا بێنە ئەو بوارەوەو ڕۆڵی خۆیان ببینن.

هۆشیار عزیز تیشک دەخاتە سەرئەوەی کە ئێستا لەگەڵ زۆربونی ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارو رادیۆ و تیڤی و سایت و پەیجەکاندا ژمارەی ڕۆژنامەوان و میدیاکاری ئافرەتیش زۆربون، بەڵام بەداخەوە تائێستاش بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامەوان و میدیاکارە ئافرەتانە ئیعتیمادیان لەسەر پیاوانە بۆ هاوکاریکردنیان لەو بوارەدا، کەمن ئەوانەی بەتوانای رۆشنبیری و مەعریفی خۆیان لەسەر پێی خۆیان وەستاون و پێویستیان بە پیاوان نیە بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆرێک لەو ئافرەتانە بەتەواوی خۆیان بۆ کاری ڕۆژنامەوانی تەرخان نەکردوە ولە لایەنی خۆرۆشنبیرکردن و خۆپێگەیاندنەوە کەمتەرخەم و ئیهمالن، ئەمەش وایکردوە کە پێگەی ئافرەتان تا ئێستاش لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری میدیاییدا لاوازە.

ڕۆژان قیاس بەرپرسی لاپەرەی کۆمەلایتی هەفتەنامەی زاری کرمانجی، بۆچوونی وایە کە کارکردن لە میدیادا یەکێک لەو کارانەی کە پێویستی بە دەرکەوتنی زیاتر هەیە وەک لە کارێکی ئاسایی، ئەمەش بۆ ئافرەت وەک ریسکێک وایە لە ژیانیدا کە بتوانێت لە کۆمەڵگەیەکی نێر سالاریدا دەرکەوێت، ئەمە لە کاتێکدایە دەتوانین بڵێین گۆڕانکاری بەرچاو دروستبوون بەهۆی ئەوەی ئافرەتی کورد تا رادەیەکی باش ئازادی کارکردنی بۆ رەخساوە.

ڕۆژان لەبواری کارکردنی ئافرەت لەئیستاو ڕابردوو دەڵێت: ئافرەتان بە بەراورد لەگەڵ رابردوو رۆلی کارایان هەیە لە بواری راگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، لە رابردوودا ئەو ئافرەتانە بە پەنجەی دەست دەژمێردران کە لە رۆلیان هەبوبێ لە ڕۆژنامەگەریدا، چونکە ئازادیەکانی ئافرەت بەرتەسکبوون و کار کردنی ئافرەت لە دەرەوە ئەستەم بوو.

میدیا کە بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، کار لە هەموو جومگەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات و هۆیەکی بەهێزە بۆ پێشڤەچوونی ئەو ولاتە، بۆیەش بەشداری ئافرەتان لەم دەسەڵاتە کاریگەری بەرچاو دروست دەکات لە کۆمەڵگەکەدا. ئەکرێ بڵێین میدیای کوردی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیەوە بەبۆنەی ئەو رۆڵەی ئافرەتان دەگێڕن، لە هەمان کاتیشدا پێویستی بە بەرجەستە بوونی زیاتری رۆڵی ئافرەت هەیە، چونکە تا ئیستاش بەربەست لە بەردەم ئافرەتی کورد هەیە، و ناتوانێت بە ئازادیەکی تەواو هەنگاوەکانی بنێت، رێگری لێ دەکرێت و کۆمەڵێک ئاستەنگ و کێشە بۆی دێتە پێش لە هەر هەنگاوێکیدا، بۆیە دەبینین جۆرێک ترس هەیە و ئافرەتان ناتوانن بێنە نێو ئەو بوارە.

دیمەن تاهیر، میدیاکار تیشک دەخاتەسەر ئەوەی کە لە ئێستادا لە زۆربەی دامەزراوە میدیایەکان بەشێکی زۆری ئافرەتان بوونیان هەیە و توانای خۆیان دەرخستوە کە ئەوانیش رۆلی سەرەکیان هەیە لە دامەزراوە میدیایەکان. نەک تەنها لە هەرێمی کوردستان لە ولاتانی جیهانیش ئافرەتی ڕۆژنامەنوسمان هەیە کە رووماڵی جەنگی کردوە رۆیشتوە بۆ وڵاتان و رووماڵی تایبەتی کردوە.

چەندین نمونەی زیندومان هەیە هەیە کەبەشێکی زۆر لە ئافرەتان لە دامەزراوە میدیاییەکان سەرکەوتوانە کاریان کردوە لەکاتی جەنگ شان بەشانی ڕۆژنامەنوسە پیاوەکان لەبەرەکانی جەنگ بوونە، هەواڵ و زانیاریان سات بە سات گواستۆتەوە، هەروەها لەکاتی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا کە پەتایکی جیهانی بوو لەتەواوی جیهان بڵاوبۆیەوە بێگومان هەرێمی کوردستانیش بەدەر نەبوو لەم پەتایە لەکاتێکدا هاوڵاتیان لەماڵەوە دەمانەوە ئافرەتانی ڕۆژنامەنوس لەدەرەوە رووماڵی ئەو پەتا جیهانیەیان دەکرد بێئەوەی سل لە هیچ شتیک بکەنەوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئافرەتان ڕولّی بەچاویان هەبوە لە دامەزراوە میدیایەکاندا.

پەرێز قادر – بێریڤان حمید

راگەهاندنا كوردی دەنگێ ئافرەتا كورد نیشا جیهانێ دا

لیلیان فازڵ

راگەهانـدن و سوشـیال مێدیـا هەرچە نـدە رولەكێ بەرچـاڤ و گرنگ هەیە بۆ گەهاندنا دەنگێ ئافرەت بۆ هەمی جیهانێ هەروەسا كۆ مافێ زەلام و ئافرەتێ وەک هەڤ و یە كسـانی وبێ جوداهی و راگە هاندن یـا بوویە پارچەیـەک ژیانامە و ب پشـكدار بوونا ئافرەتێ جوداهیەک د ئێخسـتیە دناڤا جڤاكی دا ب تایبەتی ل كوردستانێ ئەم دبینین كو ژمارا ئافرەتان د راگەهاندنـێ دا بـەرەڤ زێدە بوونێ چوویە چ ژ لایێ بزاڤا روژنامەڤانیێ یان پەیامنێر و پشـتەڤانەک تایبەت یی هەی و هەروەسـا جڤاک ژی پشتە ڤانیی دكە ت بو ڤان ئافرەتین گەنج و خودان شیان، هەروەسـا د راگەهاندنێ دا وینێ ئافرەتا كورد بۆ بیانیا دیاركەت و دەنگێ كورد و هەروە سا دەنگ و باس و ئافرەت رەوشە نبیریا جڤاكی خو دیاركەتن .

راگەهاندنـێ دا ئێكەتیـا ئافرەتێـن كوردسـتانێ رولەكـێ گرنـگ هەبوو بۆ گەهاندنـا دەنگێ جڤاكێ كورد و تایبەتی ل ئافرەتـان، چ ژ ئالیـێ ئابـووری یان كومەلایەتی بیتن هـەردەم بەردەوامە بۆ گەهاندنا پەیاما ئافرەتا كورد بو هەمی جیهانێ .

> ” راگەهاندنێ دا ئێكەتیا ئافرەتێن كوردستانێ رولەكێ گرنگ هەبوو بۆ گەهاندنا دەنگێ جڤاكێ كورد و تایبەتی ل ئافرەتان، چ ژ ئالیێ ئابووری یان كومەلایەتی بیتن هەردەم بەردەوامە بۆ گەهاندنا پەیاما ئافرەتا كورد بو هەمی جیهانێ

هەروەسا راگەهاندنا ئێكەتیا ئافرەتان پێک دهێـت ژ ٢٥ جڤاتان هەر چڤاتەک ژی راگەهاندنـا تایبەت هەیـە گرێدایە ب ناڤەنـدا ڤە كو تایبەتـە بو گەهاندنا ئاستەنگیا ئافرەتان و هێزا وان، هەروەسا پروگرامێـن تایبەت هەنـە كو گرێدای ب ئافرەتـێ ڤە باس دكەین با بە تێن جودا دكەن ، هەروەسا رادیویە كا تایبەت هەیە دگـە ل مێهڤانێن جـودا و د وارێن جودا بۆ دان وسـتاندنا كەیسیت ئافرەتان و بابەتێـن هەمەرەنگ و كۆ ئافرەت مفایێ ژی وەربگریتـن، راگەهاندنێ دا ئێكەتیا ئافرەتێـن كوردسـتانێ رولەكێ گرنگ و ئافرەتێ دیاردكەتن هەمی ئافرەتێن كورد ل هەر جهەكێ جوداهیی دگەهینیتە ئێک و چونكـە ئێـک ئارمانج هەیـە ئە وژی دیاركرنا هێزا ئافرەتا كورد د راگەهاندنێ دا هەروەسـا دیاركرنـا ئـەو چالاكیێت ئەوێن ئافرەت دكـەت بو وەلاتێ خو و بـو ئافرەتان و ئافرەت بێگومان هێزەكا مەزنە ل سوشیال مێدیایێ دا.

رولێ ئافرەتێ دێ بارێ راگەهاندنێ دا

ئەدیبا عیزەدین تاهیر

گـەر ئەم بەحسـێ راگەهاندنێ بكەین و رولـێ ئافرەتێ د ڤـی باریدا،مە بڤێت و مەنڤێـت دێ ڤەگەرینەڤە بـەری چەند سالان ل سـەردەمێ رژیما بەعس كۆ ب راسـتی ژی كۆ ئەز د بێژم ل وی دەمیدا راگەهانـدن گەلەک رولێ خو هەبوویە ب تایبەتـی ئافرەت كۆ ل وی سـەردەمی ئافرەت مل ب ملێ پێشـمەرگەی د بارێ راگەهاندنێ دا گەلە ک یا چەلەنگ بوویە وەكۆ ئەم بێژین مینا پۆستەچی و نامەبەر و هەر وەسا د بارێ بلاڤ كرنا بلاڤوكان دا ب زیرەكی و چالاكیا ئافرەتێ بوویە كۆ گەلە ک جاران پێشمەرگە شیایینە سەر بكەڤـن بەرامبەر رژیما بەعس، نێ دگەل هندێدا كـۆ ئەگەر ئـەم زێدەتر بەحس بكەین و هـزر بكەین چاوا ئافرەتا بەرێ شـیایە ئەڤی رولی ب زیرەكیانە ئەنجام بدەت و ب دورسـتی ڤی رولی بگێریت. چنكـی ئەگەر ئـەم ب نێرینەكا دی لێ بنێرین ئافرەتا وی سەردەمی نەخیندەوار بوو و چوو ژ خاندن و نڤیسینێ نەدزانی نـێ دزانێ كۆ ئەڤ نامە برن و پۆسـتە گەهاندن چەند یا گرنگە وب تایبەتی كۆ ل گوندی د ژیان هەروەسـا هەر دەمەک ژیانـا وان ب رێیـا فروكێن رژیما بەعس دهاتـە بومبەباران كرن نێ هەر لسـەر ئەركێ خو بـەردوام دمان ژ بوو رزگاری خوازایا گەل و مللەتێ كۆرد.

ئافرەتێن خیندەواریش مینا لەیلا قاسـم و كوردسـتان سـالح هەبووینە كۆ دناڤا راگەهاندنێـدا رولـەک بـاش دیتییە ب تایبەت دناڤا دبسـتاناندا و د بلاڤ كرنا بلاڤوكاندا گەلەک رولـێ ئەرێنی دیتیە. ئەڤە ب تنێ نڤیسینا كۆرتییەک زۆر كێمە لسـەرئافرەتێن كارا و چـالاک د بوارێ راگەهاندنێـدا و جهێ ئامازە پێدانێیە كۆ ل وی سەردەمیدا چو ئامێرێن ئەلیكترونی و ئەنتەرنێت و تشـتەک بناڤێ سوشیال میدیا و ئەڤ ناڤێن حیبیەتی و عەنتیكە نەبوینە نێ ژ بەر هەستا نەتەوەیی و گەل و وەلاتـێ خو و ژ بـو رزگار كرنا گەلێ كۆرد ل بن دەستی و زۆرداری و ستەمێ گیانێ خوا د ڤێ رێكێدا كرییە قوربانی. نـێ هەكە ئیرو ئـەم ب نێرینەک دی ژ ئافـرەت بنێرین، ژ بو من دەركەڤیت كو ئافرەت ئا نها د ناڤا راگەهادنێدا گەلەک پیشـەنگە و زێدەتر ژ جـاران رولێ خۆ دبینی .

ئەڤرو هـەر وەک ئەم دبینیـن ئافرەت بوویە رۆژنامەڤان،میدیاكار و نڤیسـەر، هەروەسـا ئافرەتێـن هەین كـۆ دناڤا سوشیال میدیایاندا دەستەک كارا هەیە و رولەكێ سەرەكی و ئەرێنی دگێرن.

لەتاراوگەوە

فه زیله شۆرش - هۆڵەندا

بەهێزبوون گەیشتنە بە ئامانج

هەرمرۆڤێک هێزێكی خۆرسـكی لەناخی هەیە كە بەردەوامـی دەداتە ژیان، مەبەسـت لێرە لەهێـزی دەروونـی و عەقڵانییە نـەک هێزی ماسـولكە، بەكارهێنانـی ئەم هێـزە جیاوازە لەمرۆڤێكـەوە بۆ مرۆڤێكی تـر. لەتوێژینەوە زانسـتیەكان دەركەوتووە كە ئافرەت بەهێزە، ئافرەت لەهەموو كێشـەكانی ژیان بەسەبرتر و خۆراگرترە و خۆراگری بەرامبەر بەهێزترین ژان هەیە كە ژانی منداڵبوونە. ئەم هێزە خۆرسكیە وایكردووە تەمەنی ئافرەت درێژتر بێت لەپیاو، ئافرەت هەمـوو كات لەهەوڵدایە بەهێزتربێت، بەڵام گرنگیشـە لەپاڵ ئەم هێزە خۆی خۆش بوێت و دەوروبەریشـی لەخۆشەویستی بێبەش نەكات.

زۆرجار كێشەكانی خێزان وادەكات كە ئافرەت نەتوانێ هەست بە هێزی خۆی بكات، بەڵكو وا هەست دەكات كە بێ هێزە، لە دەرئەنجامەكەی نائومێد دەبێت،بەداخـەوە بەتایبەتی هەندێک ئافـرەت بیر لە خۆكوشـتنیش دەكاتەوە. بە بۆچونی خۆیان لەكێشـەكان رزگاریان دەبێت بەڵام هیـچ كات ئەم بیركردنەوەیە راسـت و دروسـت نییـە، بەڵكـو لەرووبەرووبوونەوەی كێشـە هێزی خۆرسـک زیاتر دەبێت، ئەمە وا دەكات كێشەكە بە عەقڵانە چارە بكرێت.

لەووڵاتانـی ئەوروپا، پسـپۆری خێزانی و سـایكۆلۆجی و پسـپۆری تایبـەت هەیە بۆ هاوكاریكـردن لەچۆنیەتی بەهێزتركردنی هێزە خۆرسكەكان بۆچارەكردنی كێشەی خێزانی یان كۆمەڵایەتی لەرێگـەی رێنماییدان و راهێنان و خولـی تایبەت تا مـرۆڤ بتوانێت ڕووبەڕووی كێشـەكانی بێت. تا ساڵانێكی نزیک قسەكردن لەسەر كێشـەكان لەزۆربەی ووڵاتانی ئەوروپا تەبوو بوو، ئێستا توانرا ئەم تە بووە بشكێنرێ، لەقوتابخانەكانیان قوتابـی هاندەدەن تا بوێر بێت و بتوانێ پەیوەندی لە پسـپۆری تایبەت بكات بۆ باسكردنی كێشـەكانی و دۆزینەوەی رێگەچارەیەک، لەپاڵ ئـەم هەموو هاوكارییە، پسـپۆرەكان دەڵێن مرۆڤ دەبێت تارادەیەكی باش خـۆی هێزی بداتەوە خۆی بۆ بەردەوامی ژیان بەهەموو خۆشی و ناخۆشییەكانی، چونكە ژیان تەنیا خۆشـی نیـە، بەتایبەتی ئافرەتان بۆ گەیشـتنی ئامانجەكانیان و بەردەوامی ژیان پێویستە نەرم و نیانی و شەونخوونی و بوێری خۆیان لەبیرنەكەن، ئەمانـە هێزە دەروونی و عەقڵانیەكانیـان بەهێزتر دەكـەن و هێزێكی گەورەتر و زۆرتر دەبەخشن و بیر لە خۆكوشتن ناكەنەوە، چونكە بەهێزبوون گەیشتنە بەئامانج.

هەولێر ژمارە (٣٦٤٧) ٢٠٢٢/٤/٢٥

هێلین نامە

- لە توێژینەوەیەکدا بە نێوی "ئافرەتان،ئاشتی و ئاسایشی جیهانیدا" هاتووە: "لە دونیای ئەمڕۆدا هەر وڵاتێک پێویستە هەموو توانایەکی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئاشتەوایی و گەشەپێدانی وڵات و پێویستە بەردەوام لە بوارەدا لە ململانێ دابێت، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە گرنگی زیاتر بە ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتان بدرێت، ئافرەتان سەرمایەکی بە بەهان و وەک کۆمەڵێکی چالاک لە بواری پێشکەوتن و ئاشتەوایی وڵاتدا ڕۆڵ و کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە و بنەمای هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو بە پێوەری بەشداری چالاکانەی ئافرەتان لە کاروباری سیاسی،ئابووری، و کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت.

- دەروونناس" جان کاتمن"کە ٢٠ ساڵ لیکۆڵینەوەی لە ژیانی هاوسەران کردووە پێی وایە،هۆکاری سەرەکی لە سەرکەوتنی هاوسەران توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیانە، هەر چەندە هاوسەران لە هەموو شتێک کۆک بن، بەڵام هەندێجار بۆچوونی جیاوازیان هەیە و ئەو بۆچوونە جیاوازەش لەوانەیە ببێتە هۆی دڵگرانی، هەر بۆیە "کاتمن" پێی وایە ئەگەر هاوسەران لە کاتی ناکۆکییەکاندا دڵگرانیش بن و هەستێکی باشیان نەبێت بەڵام ئەگەر بە یەکەوە دابنیشن و گفتۆگۆ لە سەر ناکۆکیەکان بکەن باشتر دەگەنە ئەنجامێکی باش،چونکە لە ئەنجامدا زۆربەی کات خۆشەویستی بەرزترە لە سەرکەوتن بە سەر یەکتردا.

- حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستان هەفتەی ڕابردوو لە دانیشتنێکدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئیسلامی ئەو وڵاتە فەرمانی بۆ گشت هێلە ئاسمانییەکانی فڕۆکەوانی ناوخۆ و دەرەوەی ئەفغانستان دەرکرد کە ڕێگە نەدرێت ئافرەتان بە بێ پیاو سەفەری ئاسمانی ئەنجام بدەن. ئەو بڕیارە لە کاتێکدا دەرچوو کە بەشێک لە ئافرەتان کە کاتی گەشتکردنیان بوو ڕێگەیان لێگیرا و نەیانتوانی سەفەر بکەن،لە فەرمانەکەدا هاتووە" هیچ ئافرەتێک مافی ئەوەی نییە بە بێ باوکی گەشتی ئاسمانی بۆ ناوخۆ و دەرەوەی ئەفغانستان ئەنجامبدات.

- بە پێی هەواڵێک کە لە "کارگر ئانلاین" بڵاوکراوەتەوە توێژینەوەیەکی زانستی ئاماژە بە پەیوەندی بەهای خۆراکی "لۆبیای سەوز" لەگەڵ چارەسەی کەمخوێنی لە ئافرەتاندا کراوە لەو توێژینەوەیە باس لەو کراوە، کە ئافرەتان لە کاتی سووڕی مانگانەدا بڕێکی زۆر خوێن لە دەست دەدەن و ئەگەری تووشبوونیان بە کەمخوێنی زیاتر دەبێت، بۆیە باشترین جێگرەوە لە مادە خۆراکییەکان "لۆبیای سەوزە" کە ئافرەتان لە کاتی سووڕی مانگانە بەکاری بێنن و و قەرەبۆی کەمخوێنی بکەن کە لەو کاتەدا توشیان دەبێت.

نەسرین حەسەن

کوشتنی ئافرەت بەبیانووی شەرەف، کلتورێکی نەفرەت لێکراوە



دەبینین و دەبیستین ڕۆژانە بە بیانووی پاکردنەوەی شەرەف، ڕەگەزی نێر هەڵدەستن بە لێسەندنەوەی ژیان لە ئافرەتێک کە بە شەرەفی خۆیان دەزانن، لە ئێستادا دیاردەی کوشتنی ئافرەتان زیادی کردووە ئەمەش لە دابونەریتێکی چەوتەوە سەرچاوەی گرتووە. بە بیانووی تاوانی ئەخلاق و شەرەف، ئەم تاوانە قێزەونە دەبێت بە مانشێتی بەردەوامی هەواڵەکانی ڕۆژانە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کە تێیدا قوربانی یەکەم ئافرەتە و ئافرەتەکە بە ژیان باجەکەی دەدات .

مامۆستا ڕێبین کاکە مەم باوزی توێژەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بەم دیاردە دەڵێت: هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیری چەق بەستووی تاک و دووربوون لە بیرو هزری شەپۆلی جیهانبینی و نەگەیشتنی تاک بە شەپۆلی گەشەسەندن و ڕۆشنبیری، واتە لەو چەمکە تێنەگەیشتوون کە پێویستە ئافرەتانیش وەک پیاوان مافی ژیان و ئازادی و خۆشەویستی وەهەڵبژاردنی هاوسەرێک بۆ خۆیان هەیە،کە هەڵبژاردەی خودی خۆیان بێت جا لە هەر نەتەوە و ئاین و مەزهەبێک بێت.

کوشتن بۆ پاککردنەوەی شەرەفی خێزانە ؟ مامۆستا ڕێبین بۆچونی وایە کە کاتێک ئافرەتەکە هەمان مافی پیاو بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێت و دەیەوێت ئازاد بێت لە بڕیاردان و ژیان و هەڵبژاردەکانی ئەوا کەسی نزیک و کەسوکاری ئافرەتەکە ئەوە بە ڕووشاندنی شەرەفی خۆیان دەزانن و بە لادان لە کلتوورو بەهاکان سەیری دەکەن، و بەداخەوە ژیان لە ئافرەتەکە دەستێنەوە، چونکە پیاوان لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو پیاوسالارییەکان شەرەفی ئافرەت بە هی خۆیان دەزانن و لە ڕووادانی قەزیەیەکیشدا بەبێئەوەی تێگەیشتنیان هەبێت بۆ بابەتەکە کوشتنی ئافرەتەکە بە ئەرکی خۆیان دەزانن و دەڵێن شەرەفمان پاک دەکەینەوە کە ئەمە لە هیچ یاسایەک ڕێگە پێدراو نیە.

سەبارەت بە ئاماری ژنکوژی یاخود خۆکوشتنی ئافرەتان لە لە دەڤەری ڕاپەڕین دەڵێت: بێگومان ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دەدرێن بە تەنها لە دەڤەری ڕاپەڕین نین، بەڵکو ئەم دیاردە ترسناکە هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و ئامارەکان ترسناکن لەم بارەوە،کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی جۆراوجۆر زیاد بووە، بۆیە دەبێت لایەنی پەیوەندیدار و حکومەت و دەزگا ئەمنیەکان و ڕێکخراو بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان هەوڵی جدی و کاراتر بدەن بۆ بەر پێگرتنی و ڕاگرتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کوشتینیان و زەوتکردنی مافەکانیان،چونکە ئامارەکان ساڵ دوای ساڵ ڕوو لە زیاد بوون دەکەن.

مامۆستا جوان فەرحان چالاکوان لە ڕێکخراوی PDO لەڕووی ئەوەی کە تاچەند کۆمەڵگەو دابونەریت هۆکار و هاندەرن بۆ کوشتنی ئافرەت بە بیانووی شەرەف دەڵێت: دەتوانین بڵێن ئەگەر تا ساڵەکانی ٩٠ی سەدەی ڕابردوودا دابونەریت و کلتوری خێڵەکی ڕۆڵیان هەبوبێت لە کۆمەڵگە و دروستبوونی ئەم دیاردەیە، لە ئێستادا حکومەت دەیتوانی هەنگاوی باش و تۆکمە تربنێ بۆ ڕێگریکردن، هەروەها بنیادنانی کۆمەڵگایەک بێ جیاکاری ڕەگەزی و دووربوون لە ڕەفتاری توندوتیژی و لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەری بهێنێتە ئاراوە. لەڕووی چارەسەرکردنەوە مامۆستا جوان ئاماژە بەوە دەکات کە بەرقەراربوونی سیستەمی دادوەری و سەروەری یاسا لە پاراستینی مافی ئافرەت بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت،بۆ بەرپێگرتنی دیاردەی کوشتنی ئافرەت و ڕێگری کردن لە کردەی توندوتیژی، بەرپەچدانەوە و ڕێگریکردن لەو تاوانانەی کە ڕوودەدەن و ئەو نادادپەروەریەی دەرهەق بە ئافرەتان دەکرێت.

سەبارە بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە هاندان بۆ کوشتنی ئافرەت بە هەربیانوێک بێت و ئەوچەمک و دەستەواژانەی کە بەکاردەهێنرێن لە ڕووداوێکی ژنکوژی تا چەند کاریگەر بووە ؟ مامۆستا نیگار حمد علی چالاکوانی بواری مەدەنی، دەڵێت :

بەر لە هەمووشتێک کاتێک هەواڵێکی دڵتەزێنی ژنکوژی بڵاودەبێتەوە تا چەند ئەقڵیەتی کەسی خوێنەری هەواڵەکە، هزری تەقەبولی ئەوە دەکات هەواڵەکە بخوێنێتەوە لە ڕووی وێژدانیەوە،تا چەند وەکو خۆی وەری دەگرێت وە چۆن ژیرانە بیری لێدەکاتەوە و بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆی پەندی لێوەر دەگرێت کە کارێکی لەم جۆرە و هەمان تاوان دووبارە نەکاتەوە .بەداخەوە سۆشیاڵ میدیا هەمیشە زیاد لە پێویست بابەتەکان گەورە دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە زیاد لە ئەندازەی خۆی هەواڵە دەگوازێتەوە دەکات و هەموو چین و توێژێک و هەموو تەمەنێک ئەم هەواڵە دەبینن کە کاریگەری نێگەتیڤ بەجێ دەهێڵێت لەسەر هزری تاکەکان .

بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا لە ڕێگەی گوفتار و چەمکی توندوتیژانە هانی کەسە نزیکەکانی قوربانیەکە دەدەن بۆ ئەوەی ئافرەتێک بکوژن .دەتوانین بڵێن بە تەنها سۆشیاڵ میدیا نا، بەڵکو هەموو ئەوانەی لە پشتی سۆشیاڵ میدیا ئەوانەی کە بۆ یەک ووشەش هاندەرن و دەستیان هەیە بۆ ژنکوژی یان بۆ خۆکوشتن یان بۆ توندوتیژی تاوانبارن پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە، پیویستە ئەم جۆرە کەسانە و ئەم پەیج و شوێنانەی هاندەرن بە پێی هەموو یاسا و دەستوورێک دەبێت بگەن بەسزای یاسایی خۆیان .

ڕێژین قاسم محمود

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.helinmedia.org

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org